# فاتیمەزەهرا:
# کچانی دهۆک دەتوانن نوێنەرایەتی کوردستان بکەن لە ئاسیا

■ شاری دهۆك یەكێك لەو شارانەی كە هەمیشە بەوە ناسراوە كە ژمارەیەكی زۆر یاریزانی بەتوانای لە یاری تێنسی سەرزەوی پێگەیاندووە و كۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراقیان كردوە لە ئاستی كچاندا، یەكێك لەو یاریزانانەش فاتیمە زەهرا جیهادە لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری دهۆكە،یەكێكە لە یاریزانە هەرەبەتواناكانی كوردستان و عێراق،خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ یانەی دهۆك لەدوایین پاڵەوانێتی تێنسی سەزەوی عێراقیش توانی لە سەر ئاستی تازەپێگەیشتواندا پلەی یەكەم بەدەست بهێنێت،كە بووە مایەی سەرنجی زۆربەی ئامادەبووان وپاشەڕۆژێكی باشی لێ چاوەڕوان دەكرێت .ئێمەش لەنزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■

***ئاستی ئەم یارییە لە شارەكانی كوردستاندا چۆن دەبینیت ؟**

-ئەم یارییە لەسەر ئاستی كوردستان وعێراقدا پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە،یاریزانانی یانەكانیش بە تایبەتی یانەكانی كوردستان ئاستیان زۆر بەرزەو پاشەڕۆژێكی باشیان دەبێت،دەتوانن نوێنەرایەتیی عێراق بكەن،لە پاڵەوانێتیەكانی دەرەوەو دەشتوانن لە ئاسیاش ئەنجامیان هەبێت.

بەڵام لەسەر ئاستی دهۆكدا،بەرپرسانی یانەی دهۆك و بەرپرسانی دیكەی شارەكە گرنگییەكی زۆر بە یاری تێنسی سەرزەوی دەدەن،بەهەموو ئاستەكانەوە،یانەكەشمان یەكێكە لە یانە هەرە بەتواناكانی عێراق،تەواوی یاریزانەكانمان لاون لەو یانەیە پێگەیشتوون، گرنگیی زۆرمان پێ دەدرێت، لەسەر ئاستی عێراق و كوردستانیش.

*** بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە كوردستان چی بكرێت باشە ؟**

-كردنەوەی چەندین قوتابخانە لە شارەكانی كوردستان بۆچەند ساڵێك ڕاهێنانیان پێ بكەین،تا ببنە نموونەی باشترین یاریزان لەسەر ئاستی عێراق، بگرە لە ئاسیاش ئەنجامیان دەبێت،بۆهەردوو ئاست بێت باشترە زیاتریش لە پشووەكاندا بێت، بۆمنداڵانیش خولی بەردەوامی بكرێتەوە كارێكی زۆر باشە.

***كێشەو گرفتتان چییە لە یانەی دهۆك؟**

-سوپاس بۆدەستەی كارگێڕیی یانەكە كە ناهێڵن هیچ كێشەو گرفتێكمان هەبێت،بەردەوام هاوكاریی تەواوی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران دەكەن.

***ماڵەوە بۆوەرزش كردنت هاوكاریت دەكەن؟**

-بێ گومان سوپاسی خانەوادەكەم دەكەم،كە بەردەوام پشتگیریم دەكەن،بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەكانیشم بۆئەوان دەگەڕێتەوە.

***لەهەڵبژاردەی عێراق داواكراویت ؟**

-بەڵێ لە ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم.

***هیواو ئاواتت لەم یارییەدا چییە ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم باشترین ئەنجام لەسەر ئاستی عێراق وئاسیا بەدەست بهێنم وناوی خۆم و كوردستان بەرز بكەمەوە.بتوانم لە پاڵەوانێتییەكی جیهانیدا بەشداربم ناوی دهۆك بەبەرزی بهێڵینەوە.

***چی بەوكچانە دەڵێیت كە وەرزش ناكەن؟**

-وەرزش پەیامی خۆشەویستییە بۆهەموو گەلان، بەهیوای ئەوەی ئەو كچانەی ئارەزووی وەرزش دەكەن، ئەوانیش وەكو كچانی دیكە خۆیان لە دونیای وەرزش بدۆزنەوە.

***دەڵێن یانەی دهۆك گرنگیی زۆر بە تیپی كچان دەدات لەم یارییە، بۆچی ؟**

-بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دروست بوونی ئەو تیپەی كچان، یانەی دهۆك هیچ كەمتەرخەمێكی نەنواندووە، تەنیا پشتگیری ئێمەی كردوە، ئێمەش توانیومانە تا ڕادەیەك دڵی ئەوان ڕازی بكەین،هەرچی ئێمە داوامان كردبێت دەستەی كارگێڕی و پارێزگاری دهۆك بۆئێمەی فراهەم كردوە، بۆیە لێرەوە سوپاسیان دەكەین.

*** لە كۆتایی چیت ماوە بیڵێیت؟**

- سوپاس بۆ ئێوە كە زۆر ماندوون بۆخزمەتكردنی وەرزشی كوردستان، بەهیوای زیاتری خزمەت كردنی وەرزش .







# پاڵەوانێتیی تایکواندۆی عێراق لە هەولێرو سلێمانی سازدەکرێت

بڕیـــارە لـــەم مانگـــەدا، هـــەردوو پاڵەوانێتیی تایکوانـــدۆی یانەکانـــی عێـــراق و پاڵەوانێتیی تایکوانـــدۆی کۆماریـــی پارێزگاکانی عێراقی لە هەردوو شـــاری هەولێری پایتەخت وشـــاری سلێمانی ساز بکرێن. لەم بارەیەشەوە عەبدولجەبار عەبوود سکرتێری یەکێتیی تایکواندۆی عێراقی وتی «وەکو بەرنامەی خۆمان بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بـــە یاریی تایکواندۆ لە شـــارەکانی عێراقدا وگرنگیدانی زیاتر بە ئاستەکانی تەمەن بڕیارە لەم مانگەدا لە ئاســـتی بەچکە شـــێران و تازەپێگەیشـــتواندا پاڵەوانێتیـــی تایکواندۆی یانەکانی عێراق لە شـــاری سلێمانی بەبەشداری زیاتـــر لە٤٥یانەی شـــارەکانی عێـــراق ئەنجام بدرێـــت و لەمانگی ١٠ی داهاتـــوو پاڵەوانێتیی کۆمـــاری لـــە ئاســـتەکانی تازەپێگەیشـــتوان ولاوان وپێشـــکەوتوان لەهەردوو ئاســـتی کوڕان وکچان لە شـــاری هەولێر بەڕێوەبچێت،گوتیشی مەبەســـتمان لـــە ئەنجامدانی ئـــەم پاڵەوانێتییە دەســـت نیشـــان کردنی یاریزانانە بۆهەڵبژاردەی نیشـــتمانی عێراقـــی بۆپاڵەوانێتییەکانی دەرەوە.



# ١٣ی ئەم مانگە پاڵەوانێتیی شەترەنجی یانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت

بەمەبەســـتی زیاتر خزمەت کردن و پێشخستنی یاریی شەترەنج لە کوردستاندا و وەکو بەرنامەی ســـاڵانەی خۆی یەکێتیی شەترەنجی کوردستان بەنیـــازە لە ١٣ی ئـــەم مانگـــەدا پاڵەوانێتیی شـــەترەنجی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان بۆ ئاســـتی کوڕان ئەنجام بدات، لەم بارەشـــەوە بۆ فایلی وەرزشـــی گۆڤاری گوڵان ئازادســـابیر سەرۆکی یەکێتیی شەترەنجی کوردستان گوتی « ئێمـــە وەکـــو بەرنامەی ســـاڵانەی خۆمان بەنیازیـــن لە ١٣ی ئەم مانگـــەدا پاڵەوانێتیی شەترەنجی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەنجام بدەین، کە بڕیارە ١٢ یانەی شارەکانی کوردستان بەشـــداری تێدا بکەن، گوتیشـــی یارییەکانیش بەشێوازی سیستەمی سویسری بەڕێوە دەچن و بە ٧خول، لـــەم پاڵەوانێتییەدا دوای تەواوبوونی سەرجەم یارییەکان بە ئەنجامی گشتی دوو یانە دادەبەزنە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردســـتان، ئێمەش ئامادەکاریی باشـــمان کـــردووە و هەوڵ دەدەیـــن بە باشـــترین شـــێوە ئـــەم پاڵەوانێتییە بەڕێوەببەین، پێشـــبینیش دەکەین یانەکان بتوانن ڕکابەرێکی باشی یەکدی بکەن لەسەر نازناوی خولەکە.

# دڵسۆز خۆی بۆ ئیمارات ئامادە دەکات

کچە ڕاکەری کـــوردی و هەڵبژاردەی عێراق ( دڵسۆز عوبێد ) مەشـــقەکانی بەرەو پاڵەوانێتیی گۆڕەپـــان و مەیدانـــی کوردســـتان و عێراق و خۆرئاوای ئاســـیا کە بڕیارە ئەمەی کۆتایی لە ناوەڕاســـتی مانگی یانزە ئەنجـــام بدرێت،چڕتر دەکاتەوە.

دڵسۆز هاوکات یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە لە لێدوانێکی تایبەتدا ڕوونی کردەوە، کە ماوەی زیاتر لە مانگێك دەبێت مەشقەکانی ڕۆژانەی چڕتر کردۆتەوەو بە نوێترین شێواز ڕاهێنانەکانی ئەنجام دەدات تاوەکو بتوانێت ژمارەکانی باشتر بکات و ئەنجامێکی بەرچاو لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنێت .

ئەو کچە یاریزانە کە لـــە دایکبووی ناحیەی ( پیرەمەگرون)ی ســـەر بەپارێزگای ســـلێمانییە مـــاوەی چەند ســـاڵێکە لە یـــاری گۆڕەپان و مەیدانە و پاش پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لە پاڵەوانێتییەکانـــی عیراقدا، بووە یاریزانێکی تیپی کچانی هەڵبژاردەی عیراق و لە ئایاری ئەمساڵدا لە ولاتی ئەردەن بەشـــداری پاڵەوانێتی عەرەبی کردو توانی لە ڕاکردنی پۆســـتەدا پلەی سێیەم لە گەڵ هاوڕێکانی بەدەســـت بێنێت ســـەرباری بەشداریکردنی لە یارییە ( حەوتییەکان ).

ئەو یاریزانە کە تایبەتمەندی زیاتری لە ڕاکردنی (١٠٠) مەتر بەربەست وەرگرتووە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە هەوڵێکی باشی داوە تا بتوانێت کاتەکانی باشتر بکات و لەو ڕوانگەیەشەوە گوتی: توانیومە گۆڕانکاری بەسەر ژمارەکەمدا بهێنم و باشتری بکەم .

گوتیشی لە ئێستاوەش چاوی لە ئەنجامێکی باشە لە پاڵەوانێتیەکەی خۆرئاوای ئاسیا سەرباری ئەوەش بە نیازی بەشـــداریکردنە لە یاری سێ بازدا .






## شۆماخر پەشیمان نییە لە گەڕانەوەی بۆ پێشبڕکێییەکانی فۆرملا یەک

دوای ئەوەی شـــۆفێری بەناوبانگی ئەڵمانی مایکل شۆماخر لە ساڵی ٢٠٠٧ بەفەرمی بڕیاری وازهێنانی لە پێشبرکێیەکانی فۆرملا یەك دا، بەڵام لە ســاڵی ٢٠١٠ لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەزبۆوەو گەڕایەوە نێو رکابەرییەکانی ئەم پێشبڕکێیە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ تا ئێستا نەیتوانیوە لە هیچ رکابەرییەك پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت، تەنیا لە وەرزی ئەمساڵدا لە پاڵەوانێتی ڤالنسیا توانی پلەی سێیەم بە دەستبهێنێت.

لەمبارەیەوە مایکل شۆماخر دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك پەشیمان نیم، کە دووبارە گەڕامەوە رکابەرییەکانی فۆرملا یەك، چونکە لە کاتی گەڕانەوەمـــدا چەندین رووداوی باش لـــە ژیانم روویاندا، بەڵام هەســـت بە دڵتەنگی دەکەم، ئەگەر لەم ماوەیەدا نەمتوانیبێت پاڵەوانێتی یەکێك لە پێشبڕکێیەکان بە دەستبهێنم.

لە کۆتایی قسەکانیدا مایکل شۆماخر دەڵێت: حەزناکەم لەبارەی دوا رۆژم قســان بکەم چاوەڕوان دەبم تا گرێبەســتم لەگەڵ تیپی مارســیدس تەواو دەبێت ئینجا بڕیـــاری کۆتایی خۆم دەدەم.

جێگەی باسە مایکل شـــۆماخر تەمەن ٤٣ ســاڵ یەکێکە لە باشترین شۆفێرەکانی جیهان لە پێشبڕکێکانی فۆرملا یەك و خاوەن چەندین نازناوە.

## بۆیان کریکتچ چووە ئەی سی میلان

یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی بەفەرمی بەشێوەی خواستن گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی بەرشـــلۆنە و پێشووی رۆما بۆیان کریتکچ بۆ ماوەی یەك وەرز مۆرکرد.

بۆیـــان کریکتچ، لە وەرزی رابردوودا بەشـــێوەی خواســـتن لە یانەی بەرشـــلۆنە چووە ریزی یانەی رۆما دوای تەواوبوونی ماوەکە دووبارە گەڕایەوە یانەی بەرشلۆنە.

لە لێدوانێکیدا لە پەیجی تایبەتی خۆیدا لەسەر تویتەر، بۆیان گوتی: ئامادەم لە ژێر دەستی راهێنەری ئەی سی میلان ماسیملیانۆ ئەلیگری کاربکـــەم و زۆر سوپاســـی هاندەرانی میلان دەکەم، کە پێشـــوازییان لێکردم.

جێگەی باسە لە رۆژانی رابردوودا، بۆیان ئاهەنگی لە دایکبوونی ٢٢ ساڵەی خۆی گێڕا.




## مارتینز بووە باڤاری

رۆژنامـــەی بێلدی ئەڵمانی ئاشـــکرای کرد، کە یانەی بایرەن میوەنیخ بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی هێڵی ناوەڕاســـتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو خافێر مارتنیز مۆردەکات.

گرێبەســـتەکە بۆ ماوەی پێنج ســـاڵە و بە بڕی ٤٠ملیۆن یۆرۆ.

خافییر مارتینز بەفەرمی داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەســـتەکەی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو کرد بەهـــۆی بوونی چەند کێشـــەیەك لەگەڵ یانەکەی.

ئەمە دەبێتە گەورەترین گرێبەست لە مێژووی خولی بۆندیسلیگا.





# ئەبراهام بووە پاڵەوانی جیهان لە یاری بۆکسێندا

یاریزانی بۆکسێنی ئەڵمانی ئەرسر ئەبراهام توانی نازناوی پاڵەوانێتیی جیهان لە یاریی بۆکسێن بۆ پیشەگەرەکان لە کێشی ناوەڕاست-ی قورس بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی توانی بە خاڵ لە یاریزانی ئەڵمانی و خاوەن نازناوەکە رۆبرت شتیگ بباتەوە، لەم یارییەدا کە لە شاری بەرلین بەڕێوەچوو،سەرەتا رۆبرت شتیگ کۆنترۆڵی یارییەکەی کرد، بەڵام لە بەشەکانی دیکەدا ئەبراهام گەڕایەوە نێو کەش و هەوای رکابەرییەکەو توانی چەندین خاڵی گرنگ بە دەستبهێنێت، لە دوا بەشی ئەم یارییەشدا یاریزان رۆبرت هەوڵی دا بە لێدانی کوشندە یارییەکە لە بەرژەوەندیی خۆی تەواو بکات، بەڵام دوای تەواوبوونی یارییەکە بە بڕیاری هەر سێ ناوبژیوانی بۆکسێن ئەبراهام یارییەکەی بردەوەو بووە پاڵەوانی جیهان لەم کێشەدا.

# ناوبژیوانێکی ئەڵمانی بووە قوربانی ڕم هاویشتن



لە وڵاتی ئەڵمانیا پاڵەوانییەکی تایبەت بە یارییەکانی هاویشتنی رم لەسەر ئاستی لاوان بەڕێوەچوو لەم پاڵەوانێتییەدا ٣٠٠ یاریزان بەشداری کردبوو، بەڵام رووداوێکی دڵتەزین ها تە پێشەوە، کاتێك یەکێك لە ناوبژیوانەکان کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی رم-ی یەکێك لە یاریزانەکانی بەرکەوت و پێش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

ئەم ناوبژیوانە تەمەنی ٧٥ ساڵ بوو لە کاتی هاوێشتنی رمەکە هەوڵی پێوانی ماوەکەی دا، بەڵام ئاگادارنەبوو، کە رمەکە گۆڕانکاری لە ئاراستەکەی کرا بەهۆی بوونی با.

پۆلیسی ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەی دەستپێکرد و بانگهێشتی گشت ئامادەبووانی ئەم پاڵەوانێتیەی کرد هەروەها یاریزانەکانیش بۆ زانینی راستییەکان.









## بازاڕی گواستنەوەی یان

# بەرازیلی و ئۆگەندی و سەنیگالی و سوری،گرنگت

دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوودا یانەکانی کوردستان بە تەواوی کۆنترۆڵی خولی بژاردەی عێراق و خولی پلە نایابەکانی عێراقیان بۆ تۆپی پێ کرد، کاتێك یانەی هەولێر بۆ جاری چوارەم توانی نازناوی خولی بژاردەی عێراق بە دەستبهێنێت و یانەی دهۆك پلەی دووەمی خولەکەی بە دەستهێنا، شانبەشانی یانەی هەولێر نوێنەرایەتیی کوردستان و عێراق دەکەن لە جامی یەکێتیی ئاسیا و لە خولی پلە نایابەکانی عێراقدا یانەی سلێمانی توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی ئەم خولە بە دەستبهێنێت و بۆ وەرزی داهاتووی خولی بژاردەکانی عێراق سەرکەوێت.

لە وەرزی داهاتوودا، پێنج یانە لە خولی بژاردەی عێراق نوێنەرایەتیی کوردستان دەکەن، ئەوانیش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، دهۆك، زاخۆ، کەرکووك، سلێمانی)ن، ئەم پێنج یانەیە هەوڵ دەدەن ریزەکانی خۆیان بەهێزبکەن بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێك بە تایبەتی یاریزانی پیشەگەر ئەمەی خوارەوەش گرنگترین گرێبەستی یانەکانی کوردستانە.

### یانەی هەولێر

یانەی هەولێر پاڵەوانی خولەکە، گرێبەستی لەگەڵ ١٣ یاریزان مۆرکردووە ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان (جەلال حەسەن، عەمار عەبدولحوسێن، ولید سالم، ساڵح سەدیر، مستەفا کەریم، هەوار مەلا محەمەد، هەردی سیامند، دیار رحمان، میران کەریم، کۆسرەت بایز، دلێر حاتم، سلێمان مستەفا (ئۆگەندا)، عەبدوڵڵا بابا دیۆب (سەنیگال))، هەروەها گرێبەستی پێنج لە یاریزانەکانی نوێکردەوە ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان (لوئەی سەڵاح، ئەمجەد رازی، نەبیل سەباح، سەعد عەبدولئەمیر، ئەحمەد ئیبراهیم)ن، هاوکات دەستبەرداری هەشت یاریزان بوو کە بریتین لە یاریزانان (حوسێن عەبدولواحید، ئاوس ئیبراهیم، سەعد عەتیە، کەنان عادل، ئەحمەد ئەیاد، مستەفا ئەحمەد، موسلم موبارك، دیدار حامد) و بڕیاریشی دا دوو یاریزانی تیپەکە بۆ ریزی تیپی دووەمی یانەکە بگەڕێنتەوە کە یاریزانان (نەوزاد شێرزاد، تاڵیب رەقیب) بوون و بەفەرمیش یاریزانی سوری عەبدولرەزاق ئەلحوسێن چووە ریزی یانەی دبا فجێرەی ئیماراتی دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی هەولێر پێشکەش کرد، بەم گرێبەستانە یانەی هەولێر بەفەرمی چوار یاریزانی پیشەگەری لە ریزی یانەکەیدا یاری دەکات ئەوانیش هەریەکە لە (سوری، نەدیم سەباغ)،( ئۆگەندی، ئیڤان بۆکینیا)، (ئۆگەندی، سلێمان مستەفا)، (سەنیگالی، عەبدوڵڵا بابا دیوب)ن.

### یانەی دهۆك

هەرچەندە یانەی دهۆك توانی پارێزگاری لە زۆربەی یاریزانەکانی یانەکەی بکات، بەڵام گرنکترین گرێبەستی ئەم وەرزەی یانەی دهۆك هێنانی یاریزانێکی بەرازیلیە بۆ ریزی یانەکە، ئەمەش دەبێتە یەکەم یاریزانی بەرازیلی لە عێراق و کوردستان، بەفەرمیش یانەی دهۆك گرێبەستی لەگەڵ چوار یاریزان مۆرکردووە کە بریتین لە یاریزانان (فابیۆ بەرازیلی، سیف سەلمان، عەباس جومعە، ئەحمەد جەبار) و هاوکات بەفەرمی گرێبەستی ١٢ یاریزانی نۆێکردەوە ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان (بورهان سەهیۆنی سوری، عەلی بهجت، عدی تاڵب، فەیسەڵ









## ـــــەکانی کوردستان گەرمە

# ـــــرین گرێبەستی یانەکانی کوردستان بۆ خولی عێراق

جاسم، خالد موشیر، ئاماد ئیسماعیل، عەدنان عەتیە، حەسەن زبون، وسام زکی، عەلا کاتع، موراد گەردی، ئوسامە عەلی) و بەفەرمیش دوو یاریزان ریزی یانەکەیان جێهێشتووە ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانی پیشەگەری ئوردنی ئەنس حجە و حوسێن کەریم بوون، چاوەڕوانیش دەکرێت لە رۆژانی داهاتوودا گرێبەست لەگەڵ یاریزانی دیکەیش مۆربکرێت.

### یانەی زاخۆ

دوای ئەوەی یانەی زاخۆ توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا پلەی پێنجەم لە خولی بژاردەی عێراق بە دەستبهێنێت یانەکە بە پێچەوانەی وەرزی رابردوو، گرێبەستەکانی وەکو پێویست نین و لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانان ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، تا ئێستا یانەی زاخۆ گرێبەستی لەگەڵ یەك یاریزان مۆرکردووە ئەویش یاریزانی گۆڵگاری سوری (رجا رافع)ە و لەبەرانبەریشدا تا ئێستا گرێبەستی سێ لە یاریزانەکانی نوێکراوەتەوە، کە بریتین لە (فەراس ئیسماعیل سوری، سەعید موحسین، ئەیاد خەلەف) لەبەرامبەردا ٩ یاریزان ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، ئەوانیش (حوسێن عەلا، ئەحمەد ئیبراهیم، ئەمیر سەباح، هردی سیامند، ئەحمەد عەبدولجبار، سوری کاوە حسۆ، حوسێن جواد، قاسم زێدان، هەردی نورەدین)ن.

### یانەی کەرکوك

دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوو بە یارمەتی یاریزانەکانی خولی کوردستان توانیان لە خولی بژاردەی عێراق بمێنێنەوە بۆ وەرزی داهاتوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە تا ئێستا گرێبەستی بەمشێوەیە مۆرنەکردووە، بەڵکو کۆمەڵەیەك لە یاریزانەکان ریزی یانەکەیان جێهێشتووە.

تا ئێستا یانەی کەرکوك گرێبەستییان تەنیا لەگەڵ یەك یاریزان مۆرکردووە ئەویش یاریزان هەردی نورەدین و هەروەها گرێبەستی شەش یاریزانیان نوێکردەوە ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (دارا محەمەد، غانم کەریم، ئەنمار عەبدولعەزیز، موئەیەد عەبدولباست، فازل عەباس، رامیار ئەحمەد)، لە بەرامبەردا بەفەرمی سێ یاریزان لە ریزی یانەکەیان نەماون ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان (دیار رحمان، میران کەریم، رەزا نەسرئەڵلا)ن.

### یانەی سلێمانی

دوای ئەوەی یانەکە بەفەرمی سەرکەوت بۆ خولی بژاردەی عێراق لە وەرزی داهاتوودا، دەستەی کارگێریی یانەکە بەفەرمی گرێبەستی زۆربەی یاریزانەکانی نوێکردەوە و تیپێکی تایبەت بە خولی بژاردەی عێراق دروست کرد و بەفەرمی گرێبەستیان تەنیا لەگەڵ سێ یاریزان مۆرکردووە ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (دیدار حامد، حەیدەر محەمەد، حەیدەر حوسێن) چاوەڕوان دەکرێت لە رۆژانی داهاتووشدا بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی دیکە مۆربکەن.

لە کۆتاییدا یانەکانی هەولێر و دهۆك تا رادەیەك کۆتاییان بە خۆئامادەکردنی خۆیان هێناوە بۆ وەرزی داهاتوو، بەڵام یانەکانی زاخۆ و کەرکوك و سلێمانی ئامادەکارییەکانیان لە ئاستی پێویستدا نین، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوودا کۆتایی بە ئامادەکارییەکانی خۆیان بهێنن.